نەوژین

ژمارە (٣٧) کانونی یەکەمی ٢٠١٩

مانگنامەیەکی تایبەتە بە پرسەکانی ژنان، رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED ئەمریکی لەگەرمیان دەریدەکات



نەوژین... تێبینی، رەخنە و پێشنیاز

7««

## نەوژین و سێ ساڵ تەمەن

# (٨٣٪)ی بەشدارانی راپرسیەک بونی (نەوژین) بە پێویست دەزانن



■ نەوژین

**رۆژنامەی (نەوژین) پێدەنێتە سێیەم ساڵی تەمەنیەوە و راپرسیەکیش لەنێو خوێنەرانی رۆژنامەکە دەریدەخات کە زۆرینەی رەهایان بونی رۆژنامەکە بە پێویست و گرنگ دەزانن.**

رۆژنامەی (نەوژین)، لە کانونی یەکەمی ٢٠١٦ لەلایەن رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) ئەمریکی، وەکو رۆژنامەیەک کە گرنگیی بە پرسەکانی ژنان دەدات لەگەرمیان، بڵاوکرایەوە، لەو کاتەوە تائێستا رۆژنامەکە بەردەوامە لە دەرچون و هەمو مانگێک ژمارەیەکی لێدەردەچێت و تائێستاش (٣٧) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

لەساڵیادی سێیەمی دەرچونی دا، رۆژنامەکە راپرسیەکی لەنێو بەشێک لە فەرمانبەرانی گەرمیان ئەنجامداوە، لەوانەی خوێنەری رۆژنامەکەن لە هەردو رەگەز، بەگشتی تیایدا ئاماژە بەوەدەکەن بونی رۆژنامەکە پێویست و گرنگە.

لە راپرسیەکەدا پرسیاری ئەوە روبەڕوی بەشداران کراوەتەوە کە: (ئایا تاچەند لە ئاستی رۆژنامەکە رازین؟)، لەوەڵامدا (٢٤٪)ی بەشداران (زۆر زۆر) و (٤٣٪)یان (زۆر) لە ئاستی رۆژنامەکە رازین، هەروەک (٢٩٪)ی بەشداران (تارادەیەک) لە ئاستی رۆژنامەکە رازین، لەبەرامبەریشدا (٢٪)ی بەشداران (کەم) لە ئاستی رۆژنامەکە و (٢٪)یشیان (هیچ) لە ئاستی رۆژنامەکە رازیی نین.

نەوژین، تاکە رۆژنامەی تایبەتمەندە بە پرسەکانی ژنان لە سنوری گەرمیان، بەشدارانی راپرسیەکە بون و بەردەوامی رۆژنامەکە بە پێویست و گرنگ دەزانن.

بەپێی راپرسیەکە، (٤٦٪) بەشداران بونی رۆژنامەکە بە (زۆر زۆر) پێویست و گرنگ دەزانن، هەروەک (٣٧٪) بونی رۆژنامەکە (زۆر) و (١١٪) بونی رۆژنامەکە (تارادەیەک) بە گرنگ و پێویست دەزانن.

لەو راپرسیەدا بەشێوەیەکی هەڕەمەکی (١٠٠) فۆرم لە فەرمانگە حکومیەکانی سنوری گەرمیان و کەلار بەتایبەتی بەسەر ئەوکەسانە دابەشکراوە کە فەرمانبەرن. ئەوان زۆرینەیان کە رێژەکەی پێکەوە دەگاتە (٦٠٪)، ناوەڕۆکی رۆژنامەکە لە بابەتە رۆژنامەوانیە جیاوازەکان، بە گونجاو و گرنگ دەزانن.

لە لاپەڕە (٢) دا وردەکاریی راپرسیەکە و دەرەنجامەکانی خراوەتەڕو.

---

## «بۆ تازەگەریی لە (نەوژین) پلانی تایبەت دەگرینەبەر»

■ نەوژین

**رادیۆی دەنگ کە رۆژنامەی (نەوژین) دەردەکات رایدەگەیەنێت: پلانی پێویست دەگرنەبەر بۆ تازەگەرییکردن لە رۆژنامەکەدا و پەرەدانی زیاتر پێی.**

لە ساڵیادی سێیەمی دەرچونی رۆژنامەی (نەوژین) دا، رادیۆی دەنگ کە خاوەنی رۆژنامەکەیە، راگەیەنراوێکی بڵاوکردوەتەوە و تیایدا ئاماژە بەوەدەکات رۆژنامەکە یەکێکە لەو پرۆژانەی کە «شانازیی پێوەدەکەن».

ئازاد عوسمان، بەڕێوبەری رادیۆی دەنگ، بە ناوی دەزگاکەوە لە راگەیەنراوێکدا کە لە لاپەڕە (٦)ی ئەم ژمارەیەی (نەوژین) دا بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت: «ئەم رۆژنامەیە ئەگەرچی یەکەم رۆژنامەی تایبەتمەند نەبوە لە بواری ژنان لەگەرمیان، بەڵام بێشک وەکو بە تەمەنترین رۆژنامەی تایبەتمەند بە ژنان و تەنانەت رۆژنامە گشتیەکانی تری گەرمیانیش، ناوی دەچێتە مێژوی رۆژنامەوانیەوە لەم دەڤەرەدا».

ئاماژەی بەوەشکردوە رۆژنامەکە لە بارودۆخێکدا بەردەوامە لە دەرچون، کە رۆژنامەی کاغەزیی نەک لە کوردستان، بەڵکو لە هەمو جیهان دا روبەڕوی ئالەنگاریی و قەیرانی زۆر بوەتەوە، بەتایبەتی کە وەکخۆی وتویەتی: «وردەوردە فەزای گریمانیەی خەریکە بەرە لەژێر پێی ئەم تایپە لە میدیا رادەکێشێت».

لەگەڵ ئەوەشدا بەڕێوبەری رادیۆی دەنگ دان بەوەدادەنێت کە رۆژنامەکە وەکو هەمو پرۆژەیەکی تری میدیایی پێویستی بە ئەپدەیت و نوێبونەوە هەیە.

لەمبارەیەشەوە ئەوەی ئاشکرا کردوە کە لەگەڵ ستافی رۆژنامەکەدا پلان و بەرنامەی تایبەت دەگرنەبەر بەمەبەستی تازەگەریی کردن لە رۆژنامەکە بەشێوەیەکی دروست.

---

## چالاکوانێک: پێویستە (نەوژین) گرنگیی بە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بدات

■ نەوژین

**ژنانی نوسەر و چالاکوان هەڵسەنگاندن بۆ رۆژنامەی (نەوژین) دەکەن دوای ٣ ساڵ لە تەمەنی، پێشنیازیش دەکەن کە رۆژنامەکە گرنگیی بەهەندێک بوار و سێکتەری تر بدات، لەنێویشاندا پشت نەبەستن بە چاپی کاغەزیی بە تەنیا و گرنگییدان بە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان.**

لەمێزگردێک دا کە رۆژنامەی (نەوژین) بۆ ٥ ژنە نوسەر و چالاکوانی گەرمیان رێکیخستوە و لە لاپەڕە (٤ و٥)ی ئەم ژمارەیەدا بڵاوکراوەتەوە، داوای لە بەشداران کردوە هەڵسەنگاندن بۆ رۆژنامەکە و گرنگیەکەی بکەن، ئەویش دوای ٣ ساڵ لە بەردەوامبونی رۆژنامەکە.

بەگشتی بەشدارانی مێزگردەکە خۆشحاڵن بە بونی وەها رۆژنامەیەک، مانەوەیشی بە گرنگ و پێویست دەزانن، پێشیانوایە رۆژنامەکە رۆڵی هەبوە لە بەرەوپێشەوەچونی مافەکانی ژنان و بەتایبەتی هاندانی ژنان بۆ دروستکردنی ئابوریی سەربەخۆ و برەودان بە تواناکانیان لە بواری کارکردن دا.

لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەک پێشنیاز بۆ رۆژنامەکە دەخەنەڕو، لەنێویاندا گرنگییدانی رۆژنامەکە بە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان.

هەروەک پێشنیاز دەکەن رۆژنامەکە بگەیەنرێتە دەست ژنانی ماڵەوەش.

لەوبارەوە (رێزان حەسەن) یەکێک لە بەشدارانی مێزگردەکە، وتی: «پێشنیاز دەکەم رۆژنامەکە بگەیەنرێتە دەست ژنانی ماڵەوەش، بۆئەوەی لەم رێگەیەوە ئاگاداری رەوشی ژنان و توانانی هاوڕەگەزەکانیان بن و سەرکەوتنەکانی ئەوان کاریگەری هەبێت لەسەر ئەوانیش».

# ٦٧٪ی خوێنەرانی (نەوژین) ئاستی ڕۆژنامەکە بە باش دەزانن

▪ نەوژین

**ڕۆژنامەی (نەوژین) ڕاپرسیەکی لە ساڵیادی سێیەمی دەرچونی دا ئامادەکردوە، زۆرینەی بەشداران بونی ڕۆژنامەکە بە گرنگ دەزانن.**

بەبۆنەی سێیەمین ساڵی دەرچونیەوە، ڕۆژنامەی (نەوژین) ڕاپرسیەکی لەنێو ١٠٠ فەرمانبەری سنوری ئیدارەی گەرمیان و قەزای کەلار ئەنجامداوە، لەوانەی ڕۆژنامەکە دەخوێننەوە، تیایدا بۆچون و ڕای خۆیان لەبارەی ڕۆژنامەکە و گرنگیی و پێویستییەوە خستوەتەڕو. لە خوارەوە پرسیارەکان و هەروەها وەڵامەکانیش خراونەتەڕو.

پرسیاری یەکەم: تاچەند ڕازیت لە ئاستی ڕۆژنامەی (نەوژین)؟




پرسیاری دوەم: تاچەند بونی ڕۆژنامەکە بەپێویست و گرنگ دەزانیت بۆ ناوچەی گەرمیان؟




پرسیاری سێیەم: تاچەند بابەت و پرسەکانی ناو ڕاپۆرتەکانی ڕۆژنامەکە بە گونجاو و گرنگ دەزانیت؟




پرسیاری چوارەم: تاچەند دیزاین و نەخشەسازیی (تصمیم) ڕۆژنامەکەت پێباشە؟




پرسیاری پێنجەم: تاچەند ڕۆژنامەکە سەرکەوتو بوە لە تیشکخستنە سەر کێشەکانی ژنان و کۆمەڵگا؟




پرسیاری شەشەم: تاچەند سودت لە بابەت و ڕاپۆرتەکانی ڕۆژنامەکە بینیوە؟




بڕوانامە




تەمەن




ڕەگەز



# بۆ (نەوژین)...





▪ شیرین ئەمین*

**پرسی ژن بەشێوەیەکی گشتی لە ئاستی جیهاندا لە روانگەی دەستەبەرکردنی مافەکانی و چ لە روانگەی ئەو پێشێلکاریانەی بەرامبەر بە کائینی ژن دەکرێت، دابەش بوە بەسەر هەمو جەمسەرەکانی کۆمەڵگادا، هەرێمی کوردستان بەگشتی و گەرمیان بەتایبەت بەدەرنییە لە گرفتەکانی ژنان بەشێوەیەکی سیستماتیک روبەڕوی جیاکاری سیاسی، یاسایی، کۆمەڵایەتی، ئابوری و کۆی تەواوی نایەکسانیەکانی دیکە دەبێتەوە.**

لە ئاستی میدیا و راگەیاندن دا، دەرکەوتنی ژن لەکاری رۆژنامەوانیدا بە هۆی عەقڵی پیاوسالاریەوە کەمترین ئافرەت لە رابردودا دەرکەوتنی هەبوە، بەڵام خۆشبەختانە لەم ساڵانەی رابردودا بونی ژن لەدەرکەوتنی کاری میدیادا پێشکەوتنێکی باش و دڵخۆشکەر بەدی دەکرێت.

سەبارەت بەسنوری گەرمیان بەگشتی و کەلار وەک ناوەندی ئیدارەکە بەتایبەت، لە دایکبونی رۆژنامەی (نەوژین) وەک تاکە رۆژنامەیەک لەم سنورەدا، دەرفەتێکی نوێیە و هەنگاوێکی پیرۆز و گرنگە، چونکە لە پاڵ ئەوەی تاکە رۆژنامەی تایبەتە بە ژنان لە سنورەکە، ستافەکەیشی کۆمەڵە ژن و کچێکی خۆبەخش و بوێر و بەتوانان.

گرنگی هاتنەبونی ئەم رۆژنامەیە لە پێناسەیەکی زۆر کورتدا، ئەوەیە کە رۆژنامەی (نەوژین) خۆرێکی نوێیە، زمانحاڵی ژنانە و قەڵەمی خستنەڕوی پرس و کێشە و توانا و رۆڵی ژنانە، کە دەیەها بوار و بابەتی رەنگاوڕەنگ لەخۆ دەگرێت، بەپلان و توانای هێزی پەنجەی دەیان ژنی رێچکەشکێن ئەم رۆژنامەیە بڵاودەکرێتەوە، خۆشبەختانە لەمپەر و بەربەستەکانی پێش ئەم ستافە نەک نەبوەتە هۆی وەستانیان، بەڵکو هاوکار و هاندەر بوە بۆسەرکەوتنی گەورە، سەلمێنەری ئەم قسەیەش بەردەوابونی رۆژنامەکەیە سەرباری بەربەستەکان.

دەتوانین بڵێین ئەم رۆژنامەیە بوەتە ماڵێکی گەورە بۆ لەئەستۆگرتنی خەمەکانی ژنان و لەهەمانکاتدا دەرگایەکی کراوە بوە بۆ خستنەڕوی توانا و هێزی ژنان.

لەهەمان کات دا گرنگییەکی تری ئەم رۆژنامەیە، ئەوەیە لەلایەن ستافێکی ژنەوە بەڕێوەدەبرێت بە سپۆنسەری رادیۆی دەنگ چاپ دەکرێت و بێبەرامبەر دابەش دەکرێت بەسەر دامەزراوە و دەزگاو کتێبخانە و خوێنەرەکانی.

یەکێک لە تایبەتییەکانی ئەم رۆژنامەیە، ئەوەیە خەمێکی گەورەی لە رێگای راپۆرت و هەواڵ و بابەتە جۆراوجۆرەکانیانەوە لەئەستۆ گرتوە و لەچاوی بڵاوکراوەیەکەوە مومارەسەی پرسی ژن دەکات.

**(نەوژین) بوەتە سەکۆی گەیاندنی گرفت و توانای ژنانی دەڤەرەکە**

ژن ئەو کائینەیە لە کۆمەڵگا و کلتوری ئێمەدا مەخابن رەنگە رۆژ نەبێت توندوتیژی بەرامبەر نەکرێت، دەیەها ژن لە شوێنی کارەکەیان، یان لە نێو خێزان و فەرمانگە و دامەزراوە و لە شوێنە گشتییەکان بەرتوانج و رەخنە و روخاندن و گێچەڵی سێکسی دەبنەوە، ئەمە جگە لە پیادەکردنی لوتکەی توندوتیژی کە کوشتنی ژنانە، لە ژێر ناوی زۆر و پاساوی لاوازدا، کە بەوهۆیەوە دەیان ژن خەڵتانی خوێنی خۆیان دەکرێن.

(نەوژین) بوەتە سەکۆی گەیاندنی گرفت و توانای دەیەها ژنی دەڤەرەکە، بۆیە چی بوترێت لەسەر ئەدا و توانای ئەم ستافە هێشتا ناگاتە پێزانین بە بچوکترین ماندوبونی هەر ژنێکی نێو ستافەکە.

* ئەندامی پارلەمانی کوردستان

# نەوژین، نمونەیەکی بینراو لەماندوبونەکانی ژنانی گەرمیان



▪ شنە محەمەد

**بواری راگەیاندن رەنگە بەڕواڵەت ئاسان دیاربێت، بەڵام کەبەکرداری دەچیتە نێو بوارەکەوە دەزانی کەچەندە ماندوبونی پێویستە. ئەم بوارە بۆ پیاوان ئەگەر سەخت بێت، بۆ ئافرەتان سەختترە.**

لەوەش سەختتر بونی رۆژنامەیەکی تایبەت بەئافرەتە وەک رۆژنامەی (نەوژین)، لەناوچەیەکی داخراوی کۆمەڵایەتیشدا کەلەلایەن کۆمەڵێک کچ و ژنەوە ببردرێت بەڕێوە بە کەمترین پێداویستی بەردەست. لەگەڵ ئەوەشدا رۆژنامەکە توانی لەماوەیەکی کەمیشدا جێپەنجەی خۆی دیاری بکات و کێشە و موعانات و هەوڵ و ماندوبون و دەستکەوت و سەرکەوتنەکانی ژنانی گەرمیان پیشانی هەموان بدات.

راستە لەئێستادا رۆژنامە وەک ساڵانی پێشو گرنگی خۆی نەماوە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بونی ئەم جۆرە رۆژنامانە زۆر گرنگە، هەر نەشتوانن هەنگاوێک هەڵبێنن بۆ چارەسەرکردنی کێشە و موعاناتەکانی ئافرەتان، توانیویانە وێنەی ئافرەتی ناوچەکە بکەن بە نوسین و لەسەر پەڕەی رۆژنامەکەیان نمایشی بکەن.

وایدەبینم کچانی (نەوژین) کەمتەرخەمیان نەکردوە لەکارەکەیاندا، کاتێک ئافرەتەکان خۆیان هاوکار و یارمەتیدەری کچە رۆژنامەنوسەکان و رۆژنامەکە نەبن، نابێت چاوەڕوانی لەوە زیاتریشیان هەبێت لە رۆژنامەکە.

هەندێکجار بۆ ئامادەکردنی بابەتێک چەندین رۆژ قسەکردنی پێویست بوە لەگەڵ ئافرەتێکدا تا باسی وەزعی خۆی بکات، تا کێشە و وەزعی بخەنەڕو، بەڵکو بتوانرێت چارەسەربکرێت، ئەوجا ئەگەر هاتبێتە قەناعەت ئەویش بەناوی خوازراو و وێنەی «گۆگڵی»!

ئەمە راستە دەبێتە بابەتێک بۆ رۆژنامەکە و پەڕەیەکی رۆژنامەکەی پێ پڕدەکرێتەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا هەوڵێکە بۆگەیاندنی دەنگی تۆی ئافرەت بەشوێنی مەبەست، کە تۆ خۆت هەوڵی کپکردنی دەنگت دەدەیت، نابێت تانەی بێدەنگی یان دەنگ نزمی بدەیت و بڵێیت: کوا ئەگەر دەنگی منە بۆ دەنگم نیە و کەس دەنگم نابیستێ؟!

رەنگە هەندێک هەبن بەخوێندنەوەی ئەم بابەتە وابزانن زیاد لەپێویست وەسف و پیاهەڵدانی ئەو رۆژنامەیەم کردوە، نەخێر ئەمە نە وەسفە و نەپێداهەڵدان، ئەمە راستیەکی بواری راگەیاندنە، کام بابەت و راپۆرت و هەواڵێک کە تۆ پێتوایە کرچوکاڵە و لەکۆڵ کراوەتەوە، دونیایەک هەوڵدان و ماندوبونی لەپشتەوەیە تا ئەو شتەی لێبەرهەم هاتوە.

هیچ کام لە ئێمە مافی ئەوەمان نیە ماندوبونی ئەوانی دیکە لێکدانی سفربکەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رۆژنامەکە گرنگە هەوڵی تازەبونەوە بدات، هەوڵبدات دوربکەوێتەوە لە هەندێک بابەتی دوبارە و تەقلیدی، پێویستە دەست ببات بۆ هەندێک بابەت کەدەبینرێن و واخۆمان پیشان دەدەین کەنابینرێن.

ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە مەسەلەی هەراسانکردنی سێکسی و گێچەڵپێکردنەوە هەیە، ئێستا لەگەڵ چالاکتر بونی ژنان لە بوارە جیاوازەکان و بەتایبەت دەرچونیان بۆ کارکردن، روی لە زیادبون کردوە، گرنگە رۆژنامەکە بوێر بێت لە تیشکخستنەسەر ئەم بابەتانە، کە تیشکیش دەخاتەسەری، ئاگاداری ئەوەبێت کە نەبێتە هۆی ساردکردنەوەی ژنان لە کارکردن، بەڵکو هەوڵێک بێت بە ئاقاری دروستکردنی هۆشیاریی گشتی لەمبارەیەوە و چۆنیەتی روبەڕوبونەوەی ئەم حاڵەت/ دیاردەیە و هەروەها برەودان بە مەبدەئی هاوشانی ژن و پیاو لە مافی کارکردن و چونە پێشەوەدا.

# کچانی گەرمیان کۆڵنادەن لەنوسین



▪ پەیمان ئەمین

**دوابەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق لە گەرمیاندا جوڵەیەکی رۆژنامەوانی سەریهەڵدا کە ئەوکات ئەو گەنجانەی خولیای دەرکردنی رۆژنامەیان هەبو هەریەکە و لەدەوری بڵاوکراوەیەک کۆدەبونەوە کە مانگانە و هەفتانە گۆڤار یان رۆژنامەیان دەردەکرد، ئەم بزاوتە رۆشنبیرییە کە لەگەرمیان سەریهەڵدا کاریگەریی لەسەر چەند خانمێکی گەرمیانی دانا و ئەوانیشی پەلکێشی ناو دنیای راگەیاندن و نوسین و ئەدەب کرد، بەجۆرێک ئەوانیش لە گۆشە و ستون و لاپەڕەکاندا وتار و راپۆرت و کاری رۆژنامەوانییان ئامادە دەکرد.**

بەڵام ئەمانە سەردەمێک بون و ئەو ناوانە لەدوای داخستن و دەرنەچونی هەریەکە لەو گۆڤار و رۆژنامانەوە وردەوردە جۆرێک لە کپبونیان پێوەدیاربو، کەچیتر ئەو ژنە گەرمیانییانەی لە رۆژنامەکاندا دەیاننوسی ناوەکانیان خەریک بو بەرەو لەبیرچونەوە دەرۆیشتنز

ئەم جوڵە رۆژنامەوانییەی ژنان بەتایبەتی لەگەرمیاندا کە بەگشتی وەستابو پێش سێ ساڵ لەخولێکی رۆژنامەوانیدا رادیۆی دەنگ بەهاوکاری سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) توانی کۆمەڵێک گەنجی تازە پێگەیشتو پەروەردەبکات و پێبگەیەنێت و بیانکات بەخاوەن بڕوانامەی تایبەت لەبواری رۆژنامەوانیدا و دەستبکەن بەدەرکردن و بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی (نەوژین) کەخاوەنی ناوەڕۆکێکی ژنانەی گەرمیانییانەیە.

کاتێک هەواڵی دەرکردنی (نەوژین) م بیست، وام هەست دەکرد ئەمە بڵاوکراوەیەکی تایبەت بێت بۆ دەستپێکردنەوەی ئەو ژنانەی لە رابردودا دەیاننوسی، بەڵام لەو رایەمدا هەڵەبوم، لە (نەوژین) دا کۆمەڵێک کچی ئازای بەتەمەن مناڵ و خاوەن توانای گەورە، دەستیانکرد بەنوسین بەجۆرێک بەپێچەوانەی ئێمەوە کە سەردەمێک کاری رۆژنامەوانیمان دەکرد و زیاتر هەواڵی مردن و کوشتن و سوتاندنی ژنانمان بڵاودەکردەوە (چونکە لەوکاتانەدا هەواڵە گەرمەکانی رۆژ زیاتر ئەوانە بون)، بەڵام ستافی (نەوژین) هاتن توانای کچێک لەکارەکەیدا و ژنێک لەپێگەیاندنی چەندین کەسدا و خانمێک لەخول و پیشەی جۆراوجۆردا وەکو دیوێکی بەهێزی ژنان کەهاندەرێکی ناڕاستەوخۆن بۆ پێگەیاندنی کچان و ژنان، راپۆرت و بابەتە رۆژنامەوانییەکان دەنوسن و بڵاودەکەنەوە.

**(نەوژین) کچان لە گەرمیانەوە بۆ گەرمیانییەکان بڵاوی دەکەنەوە**

مانگانە (نەوژین) بێبەرامبەر دەچێتە بەردەستی بەشێکی زۆر لەخوێنەرانی سنوری گەرمیان، دەرچونی ئەم رۆژنامەیە لەهەر مانگێکدا جیا لەوەی چاوەڕوانیی خوێندنەوەی وتار و بابەتەکانیم، هێندەش تامەزرۆی دیتنی ناوێکی کچانەم لەسەر روپەڕی رۆژنامەکە.

**رۆژنامەکە ئێستا لەسەر ریتمی خۆی دایە**

(نەوژین) ئێستا بەجۆرێکە کە لەسەر ریتمی خۆی دایە و ئازادانە و ئازایانە کچە گەرمیانییەکان لە گەرمیانەوە بۆ گەرمیانییەکان بڵاوی دەکەنەوە.

# 5 نوسەر و چالاکوان هەڵسەنگاندن بۆ



▪ نەوژین، ڕێناس ساڵح

**لە مێزگردێکدا ژنان و کچانی نوسەر و چالاکوانی گەرمیان، باس لە «گرنگی هەبونی» ڕۆژنامەی (نەوژین) دەکەن، وەکخۆیان دەڵێن: جیاوازی (نەوژین) ئەوەیە زمانی دەربڕین تیادا پیشەیانەیەو بەشێوەیەکە سەنگەرگرتنی ڕەگەزیی تێدانیە ئەمەش وایکردوە ئەو پرسانەی دەیخاتە بەرباس بە شێنەیی جێگەی خۆی بگرێت، هەروەک بە سەرچاوەی یەکەمی دەرخستنی توانای ژنان لە سنورەکە و ڕومالکردنی کۆڕان و خەمەکانی ژنانی دەزانن.**

لەساڵیادی سێیەمینی دامەزراندن و دەرچونی دا، ڕۆژنامەی (نەوژین) بەپێویستی زانی بۆ هەڵسەنگاندنی دیوە باش و خراپەکانی ڕۆژنامەکە و هەروەها زانینی ئەوەی چ ڕۆڵ و کاریگەرییەکی هەبوە و دەکرێت چی دیکەی هەبێت، مێزگردێکی بە بەشداریی ٥ ژنە نوسەر و چالاکوان ئەنجامدا.
بەشداران پێکهاتبون لە هەریەکە لە: (سارا مەجید، ئالا حسێن، هەیفا مەجید، ڕێزان حەسەن و نیشتمان یاسین).
لە خوارەوە دەقی گفتوگۆکە دەخەینەڕو.

### گرنگی بونی (نەوژین) لە گەرمیان

لەوەڵامی پرسیاری ئەوەی گرنگی (نەوژین) لەم کاتەدا بۆ گەرمیان چیە؟ وەڵامەکان بەشێوەیەک بون لەبەر ئەوەی لەگەرمیان هیچ شوێنێکی دیکەو لایەنێک نیە بۆ ژنان و کچانی گەرمیان تا وێنای خۆیان ببینەوە تێدا و دەرخەری خەم و سەرکەوتنەکانیان بێت و هاوکاری بەدەستهێنانی مافەکانیان بێت، بەم هۆیە (نەوژین) بوە بەپەناگەیەک بۆ دەربڕینی کۆڕان و خەمی ژنانی گەرمیان و پاڵپشتی یەکەمی دەرکەوتنی تواناکانی کچان و ژنانە لەبوارە جیاجیاکانی کاردا و ڕاستی ژیانی ئەوان دەکاتە وشە و دەیهۆنێتەوە.
لەمبارەیەوە (سارا مەجید)، چالاکوانی بواری مافەکانی ژنان و نوسەر، دەڵێت: «بونی (نەوژین) نەک گرنگە، بەڵکو زۆر گرنگە».
ئەو پێیوایە لەبەر ئەوەی لەگەرمیان هیچ شوێنێکی دیکە و لایەنێک نیە کۆڕان و خەمی ژنانی گەرمیان بگرێتەخۆی، (نەوژین) ئەو ئەرکەی گرتۆتە ئەستۆ.
دەشڵێت: «نەوژین پاڵپشتی یەکەمی دەرکەوتنی ژنان بوە بۆ ئابوری سەربەخۆی خۆیان، کە دەتوانم بڵێم ڕۆڵێکی ئێجگار کاریگەری بوە لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردودا بۆ هاندانی ژنان بۆ کاری سەربەخۆی خۆیان لە سنورەکە». ئەمەش بەدەستکەوت دەداتە قەڵەم بۆ ڕۆژنامەکە.
هەندێک لە چالاکوانانی بواری مافەکانی ژنان گرنگی (نەوژین) دەبەستنەوە بە هەڵکەوتەی گەرمیان، بەوەی ئێرە کۆمەڵگەیەکی داخراوە بەڕوی ژناندا، هەربۆیە ڕۆژنامەکە بە پێویستیەکی گرنگ بۆ سنورەکە دەزانن.
ئالا حسین، وتی: «ئێمە زۆر دڵخۆشین بە بونی (نەوژین) لە گەرمیان، چونکە بوە بە شوێنێکی تایبەت بۆ ژنان، بەوەی کۆڕان و دەستکەوتەکانی خۆیانی تیا دەبیننەوە».
هەیفا مەجید، هەمان ڕای هەیە و دەڵێت: «پێمناخۆشە کە ئەم قسەیە دەکەم، بەڵام گەرمیان ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیریی تێیدا نزمە، هەربۆیە (نەوژین) گرنگی تایبەتی خۆی هەیە کە بوە بە پەناگەی ژنانی سنورەکە و دەنگیان دەگەیەنێت و ڕاستی ژیانی ئەوان بە وشە دەنوسێتەوە».
ئەو باسی لەوەشکرد «لێرە بەردەوام بە ژنان و کچان دەوترێت مەکە، عەیبە داوای مافی خۆیشی بکات و بە ئابڕوچو لێی دەڕوانن، بۆیە ئەمەی (نەوژین) دەیکات بە ستافێک کچەوە، دەستکەوتە بۆ گەرمیان».

### (نەوژین) و ڕوماڵی کێشە و پێشکەوتنەکانی ژنان

لەبارەی ڕوماڵکردنی بابەتە جۆربەجۆر و وروژاندنی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان و دەرکەوتنی ژنان لە بوارە جیاجیاکانی کاردا لە سنورەکە، دەبەستنەوە بە گرنگی دەرخستنی کاری ژنان لە (نەوژین)ەوە، کە ئەمە وایکردن ئەو بەربەستانەی لە بەردەم کچان و ژنان هەبون هەندێکی تێکبشێنێت.
سارا مەجید، دەڵێت: یەکێک لەو پرسانەی (نەوژین) ڕۆڵی کاریگەری تێدا گێڕا، پرسی ئابوری سەربەخۆی کچان و ژنان بو، کە بەرهەمەکەی ئێستا دەبینین لە سنورەکە بەوەی چەند ڕێژەی ژنان لە بوارەکەدا زیادی کردوە.
زمانی نوسین لە (نەوژین)، بە ڕای بەشدارانی مێزگردەکە یەکێکیترە لەو خاڵە گرنگانەی ڕۆژنامەکە کە بوە بەجێگەی سەرنج و دەڵێن ئەمە هۆکاربوە بۆ ئەوەی بە شێنەیی کاریگەریەکانی هەستپێبکەین لەبری دروستکردنی دوبەرەکی.
وەک (سارا مەجید)، وتی: «خاڵێکی زۆر گرنگ کە ڕۆژنامەی (نەوژین) لە بەشی زۆری ڕێکخراو و گۆڤارەکانی دیکەی تایبەت بە ژنان لە تەواوی کوردستان جیا دەکاتەوە، زمانی نوسینەکەیەتی لەگەڵ ئامانجی ڕۆژنامەکە، کە لە کۆی سێ ساڵی کارکردنی دا زۆر پیشەیانە پرسەکانی ڕوماڵ کردوە بەبێ ئەوەی ڕوشاندنی ڕەگەزی تێدا بەدی بکەین».
ئەو باسی لەوەکرد «لە کاتێکدا ڕۆژنامەیەکی تایبەتە بە پرسی ژن، هەرگیز نەمان بینی کە (نەوژین) قسەی ڕوشێنەر و تاوانبارکردنی ڕەگەزی لە بابەتەکانی بخاتە بەر دیدی خوێنەرانی، ئەمەش تایبەتمەندیەکە من وای دەبینم کە کەموێنە بێت لە کوردستان دا».
هەروەک ڕوماڵی پرسە تایبەتەکانی بەشداری ژنان لە سیاسەت و حکومەت یەکێکی دیکەیە لەو ڕوماڵەی کە بە گرنگیەوە لێی دەڕوانن.
هەیفا مەجید، چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنی، دەڵێت: «کێشە و گرفت و دەستکەوتەکانی ژنان زۆر جوان ڕوماڵ کراون، کە دەتوانم بڵێم ئەمە لە کاری ڕۆژنامەیەکی لۆکاڵی ناچێت».
وتیشی: «لە پرسەکانی بەشداری ژنان لە حکومەت و سیاسەت دا (نەوژین) زۆر بابەتیانە ڕوماڵی کردوە، وایکردوە ئەو پرسە ببێتە جێگەی باس، لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتی ڕەها لای پیاوانە لە سنورەکە».
هاوکات بڵاوکردنەوەی تابلۆی ژنانی شێوەکار و دەرخستنی ئەو بەهرە هونەریەکان، بەیەکێک لە ڕوماڵە جوانەکانی (نەوژین) وێنادەکەن.

### کاریگەریەکانی (نەوژین) لە سێ ساڵدا

(نەوژین) لە ماوەی سێ ساڵی کارکردنی دا گرنگی بەچەندین پرسی تایبەت بە لایەنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری ژنان داوە، وەک چالاکوانانی گەرمیانیش دەڵێن: (نەوژین) یەکێکە بوە لە هۆکارەکانی هاتنە بونی چەندین دەستکەوت بۆ ژنان لە ناوچەکە، یەکێک لەوانەش هاتنە پێشەوەی ژنان و کچان بوە لە بواری ڕاگەیاندن دا.
سارا مەجید، لە میانەی گفتوگۆکان لەمبارەیەوە وتی: (نەوژین) بۆخۆی گەورەترین دەستکەوتی ئەوەیە دەستی چەندین کچی بەهرەمەندی سنورەکەی گرت و هێنانیە کایەی ڕاگەیاندن، ئەمە گەورەترین سەروەریە بۆ ڕۆژنامەکە، چونکە پێشتر کاری ڕاگەیاندن بۆ کچ و ژن لێرە تاڕادەیەکی زۆر نامۆ بو، ئەوەی ئەو کارەی بکردایە دەبوە جێگەی قسە و قسەلۆکی کۆمەڵگا.
جەختیشی کردەوە لەوەی (نەوژین) ئەو دەرگا داخراوەی بەڕوی خانمانی گەرمیان کردەوە «لە ساڵی ٢٠٠٦ کە من دەستم دایە نوسین، کچ بە دەگمەن دەبینرا کە لە بواری ڕاگەیاندن دا کاربکەن».
نیشتیمان یاسین ڕەحمان، چالاکوان، پێیوایە دەستکەوتێکی دیکەی ڕۆژنامەکە ناساندنی ژنانی بەهرەمەند و دەرخستنی تواناکانیان بوە کە



# ٣ ساڵی کارکردنی رۆژنامەی (نەوژین) دەکەن



وایکردوە کەسانی دیکەش چاوی لێبکەن و دەست بکەن بە دەرخستنی تواناکانیان. وەکخۆی وتی: «بەتایبەت ئەوەی سەرنجی من زۆر راکێشاوە لە رۆژنامەکەدا دەرخستنی ژنانی سەرکەوتو و ناساندنیانە».

« (نەوژین) لە رێگەی فیچەر و چیرۆکی ژنانی ئیشکەر و سیاسەتوان بە ژنانی وت کە مەلی خەم کەس ناتوانێت رێگە لەنیشتنەوەی بگرێت کاتێک دێتە سەر شان، بەڵام کەسی بەهێز ناهێڵێت هێلانە دروست بکات»، ئەمە قسەی (رێزان حەسەن) بو لەسەر دەستکەوتەکانی (نەوژین) کە بەرای ئەو رۆژنامەکە پێی گەیشتوە.

## (نەوژین) لە چ بوارێکدا «کەمتەرخەم» بوە؟

لە گفتوگۆکەدا چەند سەرنجێک خرایە بەر باس لەبارەی ئەو پرس و سێکتەر و بابەتانەی کە (نەوژین) تێیدا «کەمتەرخەم» بوە.

هەیفا مەجید، باسی لەوەکرد (نەوژین) گرنگی تەوای نەداوە بە قوربانیانی تۆرە کۆمەڵایەتیەکان، کە ئەمە پرس و بابەتێکی گرنگە و ژنان قوربانی یەکەمن تیای دا. وتی: «دەبوایە (نەوژین) چیرۆکەکانی قوربانیانی وەک ئاگەدارکردنەوە بخستایەتە بەرباس و هەنگاوە هەڵەکانی رونبکردایەتەوە، تاوەکو کچ و ژنانی دیکە هۆشیار ببنەوە لەو روەوە، هەروەها لە کاتی روبەروبونەوەیان بە کێشەیەکی لەو شێوەیە چۆن هەنگاوی دروست بنێن؟».

بابەتێکی دیکە کە (سارا مەجید) ی نوسەرو چالاکوان پێیوایە گرنگە (نەوژین) هەڵوەستەی لەسەر بکات و وەک پێویست نەخراوەتەرو، هۆشیاری سێکسیە، کە ژنان و پیاوان لە گەرمیان تاوەکو ئێستا دەبینین لەروەوە هۆشیاریەکەی زۆر کەمیان هەیە.

هەر پەیوەست بەم بابەتەوە، (هەیفا مەجید) دەڵێت: «هۆشیاریەکە لە سنورەکە هێندە کەمە کە ژن بۆ سەرجێیکردنیش داواکاری هەیە لە پیاوەکەی کە هاوسەری خۆیەتی، بەشێوەیەک ژن هەیە ئاڵتونەکانی بەو پارە کریوە!».

لەم روەوە (نەوژین) بە رای ئەوان وەک پێویست نەبوە.

نیشتیمان یاسین، چالاکی بواری مافەکانی ژنان، دەڵێت: دەبێت (نەوژین) هۆشیاری تەندروستی بە وەرگرتنی زانیاری لە خودی پزیشکانی ناوچەکەوە، گرنگی زیاتری پێبدات وەک لەو بابەتانەی کە بە وەرگێڕان کراون.

هاوکات (ئالا حسێن و هەیفا مەجید) سەرنجی ئەوەیان خستە بەردەستی ستافی (نەوژین) زیاتر کار لەسەر بابەتی گرنگیبەخۆدانی ژنان وەک خۆرۆشنبیرکردن و شێوازی لەبەرکردنی جلوبەرگ وماڵداریکردن بکەن.

رێزان حەسەن رەحیم، بەهەمان شێوە دەڵێت: (نەوژین) پێویستە گرنگی بە ئەتەکێتی جلوبەرگ و چونەدەرەوە و رێکخستنی ماڵ بدات لەلایەن ژنانەوە، بۆ ئەوەی فرە بابەت بێت.

لەگەڵ ئەمانەشدا پرسەکانی خێزانیش بەیەکێکی دیکە لەو بابەتانە دەزانن کە هەم پیاو و هەم ژن دەبێت ئاشنابکرێن بەوەی کە سوپاسگوزاری یەکتر بن لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانی یەکدیدا و فێری بن بە زمانی گفتوگۆ بگەنە ئەنجام بۆ کێشەکانیان. وەکخۆیان دەڵێن (نەوژین) گرنگی بەمە داوە، بەڵام پێویستی بە گرنگیپێدانی زیاترە بۆ دورکەوتنەوە لە توندوتیژی.

## پێشنیازەکان بۆ (نەوژین)

پێشنیارەکان لەبارەی کارکردنی (نەوژین) بۆ داهاتو جیاوازبون، هەروەک (ئالا حسێن) پێشنیازی ئەوەی بۆ (نەوژین) هەیە کێشە و گرفتەکانی ئەو ژنانە بخاتە سەر پەڕەکانی کە لە دادگاکان سکاڵا تۆماردەکەن و شیکار بۆ گرفتەکانیان بکات و رێگەچارەکانی لەلایەن پسپۆڕەکانی تایبەت بەو بوارانە بخاتە بەردیدی خوێنەران.

وتیشی: یاخود دەرئەنجامی سکاڵاکان و چۆنیەتی وەرگرتنەوەی مافەکانی ژنان لە دادگا بخاتەڕو.

لەگەڵ ئەوەشدا پێشنیازی ئەوە بۆ (نەوژین) دەکات گرنگی زیاتر بە بەرهەمی نوسەرانی ژن لە ناوچە جیاجیاکانی گەرمیان بە شار و گوندەوە بدات، بۆ ئەمەش لینکێکی تایبەتی هەبێت بۆ گەیاندنی بابەتی ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت نوسینە ئەدەبی و پەروەردەیی و دەرونیەکانیان لە (نەوژین) بڵاوبکەنەوە.

ئەنجامدانی راپرسی زیاتر لە رۆژنامەکە بۆ پرسە جیاوازەکان، یەکێکی دیکەبو لەو پێشنیازانەی بۆ (نەوژین) خرایەڕو.

سارا مەجید، پێشنیازی ئەنجامدانی راپرسی زیاتر دەکات لەلایەن رۆژنامەکەوە لە بابەتەکانی پەیوەست بە لێکترازانی خێزانەکان، ئەمەش دەبەستێتەوە بەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکان هاوکاری رۆژنامەکە بن لەو روەوە بۆ دەرخستنی هۆکار و رێگەچارەکان، تاوەکو کۆمەڵگا بەرەو ئاقاری داڕوخان نەڕوات.

تێکڕا بەشدارانی مێزگردەکە گلەیی لە (نەوژین) دەکەن بەوەی لە سۆشیال میدیا دا چالاک نیە، هەربۆیە پێشنیازدەکەن لە ساڵی نوێی کارکردنی دا، گرنگی زیاتر بەو بوارە بدات.

لەسەر شێوازی بڵاوکردنەوەی رۆژنامەکە و گەیاندنی رۆژنامەکە بە خوێنەران، (رێزان حەسەن) پێشنیاز دەکات رۆژنامەکە بگەیەنرێتە دەست ژنانی ماڵەوەش کە بێبەشن لە زانیاری لەسەر ماف و ئەرکی خۆیان، بۆئەوەی لەم رێگەیەوە ئاگاداری رەوشی ژنان و توانانی هاوڕەگەزەکانیان بن و سەرکەوتنەکانی ئەوان کاریگەری هەبێت لەسەر ئەوانیش.

بەشداربوان وێڕای دەستخۆشی لە ستافی رۆژنامەکە، داواشیان کرد «کچانی نەوژین» بە خۆشەویستیەوە بەردەوام بن لە کارەکەیان، بەوەی ئەو رێگایەی گرتویانە چەندین ئالەنگاری تێدایە، بەڵام خۆشەویستی بۆکار وادەکات هیچ رێگریەک نەیانوەستێنێت.

> (نەوژین) گرنگی تەوای نەداوە بە قوربانیانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان

> رۆژنامەکە ژنانی سەرکەوتو دەردەخات و دەیانناسێنێت



# ٣ ساڵەی تەمەنی (نەوژین) لە زاری ستافەکەیەوە

■ نەوژین

**ستافی رۆژنامەی (نەوژین) بەگشتی باس لەوەدەکەن کە رۆژنامەکەیان دەستپێک و سەرەتایەک بوە بۆ ئەوەی تێکەڵ بە کاری راگەیاندن بن، هەروەک ئەو خۆشەویستیەش دەردەبڕن کە بەرامبەر بە رۆژنامەکە هەیانە.**

بە بۆنەی تێپەڕبونی ٣ ساڵ بەسەر دەرچونی رۆژنامەکەیانەوە، ستافی رۆژنامەی (نەوژین) هەر یەکە و لەرێگەی پەیامێکی کورتەوە، هەست و بۆچونی خۆی لەبارەی رۆژنامەکە و گرنگیەکەی و ئەزمونیان لەگەڵی دا خستوەتەڕو، لە خوارەوە دەقەکەیان دەخەینەڕو.



■ فاتمە جمعە

کە سەرەتا دەستم کرد بە کارکردن لە رۆژنامەی (نەوژین)، زۆر شت قورسبو بۆم بۆ کەسێکی وەکو من کە هیچ ئەزمونێکی رۆژنامەوانیم نەبو، چۆن بتوانم لەگەڵ خەڵک قسە بکەم و زانیاریان لێ وەربگرم؟ چۆن راپۆرتەکانم ئامادە بکەم؟ چەندان شتی تری جیاواز کە پێموابو ناتوانم فێریان ببم.
(نەوژین) زۆرێک لەو شتانەی فێرکردم، بو بە مامۆستا و یەکەم ئەزمونی راگەیاندنی من، ئێستاش لەدوای دوساڵ کارکردن لەم رۆژنامەیە، زۆرشت فێربوم لەبواری رۆژنامەوانی و گەیاندنی پەیامی خەڵک لە رێگەی نوسینەکانمەوە.



■ رۆژان عەزیز

(نەوژین) بە واتاکەی و ئامانج و خزمەتەکەی، نوێبونەوە و نوێگەری و دروستبونی ژیانێکی نوێ و قۆناغێکی نوێی گەیاندنی دەنگی کپکراوی ژنان و لەدایکبونی راگەیاندنێکی نوێ کە ئەم دەزگا راگەیاندنەدا جگە لە خزمەتکردن بە کچان و ژنانی گەرمیان و گەیاندنی دەنگیان، فێرگەیەکیش بوە بۆ پێگەیاندنی چەندین کچە رۆژنامەوان.
(نەوژین) بەتەنها بڵندگۆیەک نەبوە بۆ گەیاندنی دەنگی کچان، بەڵکو رێگایەک بوە بۆ تێکەڵبونی کچان بە کۆمەڵگا و شکاندنی کۆتوبەندی پێشیان. لە ئێستا بەدواوە دەبێت (نەوژین) گەورەتر بێت و ئەرکی ئێمەش سەختتر دەبێت لەپێناو خزمەتکردنی زیاتر.



■ پەرژین کامەران

(نەوژین) یەکەم قوتابخانەی من بو بۆ هاتنە مەیدانی کاری راگەیاندن و رۆژنامەوانی، ئەمە بۆ من و تەواوی ژنان و کچانی گەرمیان هەر راستە، ئێستا ئیتر (نەوژین) بوە بو بەبڵندگۆیەک بۆ گەیاندنی دەنگی خۆمان، بوە بەو وێستگەیەی کە ئێمە لێرە چیتر لە دەرکەوتن و ترس لە جۆرێک روانینی کۆمەڵگا بۆ راگەیاندن نەمانوەستێنێت بۆ گەشتن بە خواستەکانمان بەو توانایەی هەمانە.



■ خۆشبین جەلال

کە یەکەم راپۆرتم لە (نەوژین) بڵاوبویەوە، زۆر گریام، چونکە هەمو ژیانم چاوەڕێی رۆژێکی وابوم خەونەکەم بهێنمەدی.
ئەزمونی کارکردنی من لە (نەوژین) تەنها ساڵێکە، ساڵێکی پڕاوپڕ لەجوانی و کارکردن لەناو ستافێک کچی بەتوانادا، بۆیە هەمو کات دەڵێم سوپاس (نەوژین)، تۆ قارەمان و بەدیهێنەری خەونەکانی منی.



■ کاڵێ حەسەن

فێربونی ئیشی راگەیاندن و هێنانەدی خەونەکان بەتایبەت لە میدیادا لەگەرمیان بەهۆی نەبونی رۆژنامەیەک و دەست گرتنی کچان بۆ هاتنە ناو بوارەکە، ئەستەمە، بەڵام (نەوژین) دەرگایەک بو بۆ من و چەندین کچی تر بۆ ئەوەی دەست بەکاری راگەیاندن بکەم.
باسکردنی سەرکەوتنەکانی ژنان و ئازارەکانیان، ئامانجی سەرەکی ئێمە و رۆژنامەکەمانە، بۆیە بەردەوام دەبین لە کارکردن لەم ئامانجەمان دا.



■ شۆخان حەمەساڵح

دەستبەکاربونی (نەوژین) وەک پێویستیەک لەئەنجامی بۆشایی کاری رۆژنامەنوسی ژنان بو کە خۆیان باس لە کێشە و ئەو حەز و ئامانج و پیشە و کارانە بکەن کە لەبەردەوامیی رێڕەوی تەمەن دەیانەوێت پێی بگەن.
(نەوژین) بە گەواهیدانی خوێنەرە بەردەوامەکانی، توانی زۆر شت کە کۆسپ بو لەناو بەرێت و رێگای بۆ زۆر لەو خانمانە کردەوە کە چی ئارەزویان لەم کارە بێت چی بوە جێگەیەک ناخی خۆیانی تێدا بەیان بکەن.
زۆرشت ماوە کاری لەسەر بکرێت و بەهۆکاری جیاواز کارمان لەسەریان نەکردوە، دەکرێت بگەین بەو خاڵانەش لە بەردەوامی (نەوژین)دا.



■ زریان محەمەد

پێشتر تەنها چیرۆکی ژنانم دەبیست، بەڵام لە (نەوژین) دا روبەروی ئەو چیرۆکانە دەبومەوە و لەگەڵیان دەژیام، بە چاوی خۆم چیرۆکی ناکامی و دەستبەرداربون و فرمێسکی ژنانم دەبینی و وایکرد لەگەڵ ئازارەکان و خۆشیەکانی هاورەگەزی خۆم گەورە ببم، لەگەڵ ئەوەش بەبینینی سەرکەوتنەکانیان ئاسودە دەبوم.
(نەوژین) وایکرد بوێریی و رچەشکێنی دەیان کچی ناوچەکەم ببینم، هەربۆیە بە شانازیی دەزانم بۆ خۆم و هەمو گەرمیانیش.



■ سازان مستەفا

هەتا (نەوژین) نەبو، کۆژانی ژنانی گەرمیان و پێشکەوتنەکانیان بە رونی لە میدیاکان دا نەدەبینرا، ٣ ساڵ کارکردنی (نەوژین)، یارمەتیی خستنەڕوی خواست و ویستەکانی ژنانی گەرمیانی باشتر پیشان دا.
ئەمە جگە لەوەی ئەم رۆژنامەیە بوەهۆی دەرکەوتنی چەندین کچ لەبواری رۆژنامەنوسی و دەرخستنی چەندین توانا لە بوارە جیاوازەکاندا.



■ هاوژین مەهدی

(نەوژین) تاکە رۆژنامەیە کە دەتوانین لە رێگەیەوە خەم و ناسۆریەکانی ژنانی گەرمیان بێنینە سەر باس و چیرۆکی ژیانی ژنانی بەتوانا و کۆڵنەدەر بخەینە سەر پەڕە.
(نەوژین) بو بەکلیلی کردنەوەی خەونی چەندین ژن و کچی گەرمیان، کە لە رێگەیەوە توانیویانە بێنە ناو بوارەکەوە.
ئەو پێشوازیە گەرمەی خوێنەرانی (نەوژین) لێمانی دەکەن، وایکردوە بزانم بونی رۆژنامەکە چەند گرنگ و جێیبایەخی خوێنەرانە، ئەمەش ئەرک و بەرپرسیارێتی زیاتر دەخاتە سەر شانمان تا زیاتر ورد و پوخت کارەکانمان بکەین، هاوکات مکوڕتربین لە بەدەستهێنانی ئەوەی کە دەمانەوێت.
ئەگەرچی پێشوتر کارەکەمان بۆ سەخت بو، بەڵام ئێستا و بەهۆی ئەو خول و ئەزمونانەی وەرمانگرتوە، کارەکە ئاسانتر بوە، هەروەک بەردەوامی رۆژنامەکە هانی کچانی داوە کە پۆل پۆل پەیوەندی پێوە بکەن و بیانەوێت تیایدا کار بکەن.



■ ئامینە محەمەد

جێی خۆشحاڵی من و هەمو مێینەیەکە کە ئەبینین لە گەرمیان رۆژنامەیەک هەیە تایبەتە بە پرسەکانی ژنان و دەرخستنی تواناکانیان و هاندانی زیاتریان. جگە لەوەی پاڵپشتی ژنانە، بوەتە هۆکارێکیش بۆ ئەو کچانەی کە بەهرەی نوسین و خولیای رۆژنامەنوسیان هەیە بێنە ناو بوارەکەوە و گەشە بەتوانا و بەهرەکانی خۆیان بدەن.
منیش یەکێک بوم لەو کچانەی کە توانیم لە رێگەی رۆژنامەی (نەوژین) ەوە دەست بدەمە نوسین و هەوڵبدم لەم کەناڵەوە جێ قەڵەمی خۆم لە بواری نوسین دا بدۆزمەوە.

## پەیامی رادیۆی دەنگ لە ساڵیادی دەرچونی رۆژنامەی (نەوژین) دا

زیادەرۆیی نیە ئەگەر بڵێین هێندەی دامەزراندنی رادیۆی دەنگ بۆ یەکەمجار لە ساڵی ٢٠١٠ وەکو یەکەمین رادیۆی ئەهلی لە گەرمیان، شانازیی بە دەرچون و بەردەوامی (رۆژنامەی نەوژین)ەوە دەکەین. ئەم رۆژنامەیە ئەگەرچی یەکەم رۆژنامەی تایبەتمەند نەبوە لە بواری ژنان لەگەرمیان، بەڵام بێشک وەکو بە تەمەنترین رۆژنامەی تایبەتمەند بە ژنان و تەنانەت رۆژنامە گشتیەکانی تری گەرمیانیش، ناوی دەچێتە مێژوی رۆژنامەوانیەوە لەم دەڤەرەدا.
هەڵبەت پێش ٣ ساڵ کە بیرمان لە دەرکردنی رۆژنامەی (نەوژین) کردبویەوە، حسابمان بۆ زۆر ئەگەری باش و خراپیش کردبو، ئالەنگاریەکانمان لە پێش چاودا بو و دەستکەوت و سەرکەوتنەکانیشمان بیر لێکردبویەوە، بۆیە وەکو هەنگاوێکی خوێندنەوە بۆ کراو «مدروس» پێی هەستاین.
ئێمە لە ماوەی نزیکەی ١٠ ساڵی کارکردنمان دا لە رادیۆی دەنگ، لە هەر کار و چالاکی و پرۆژەیەک کە دەستمان داوەتێ، ئەوەندەی بەلامانەوە جێگەگرتنی گرنگ بوە، ئەوەندە گوێمان بە ئاستەنگ و ئالەنگارییەکان نەداوە، لەپاڵ ئەمەشدا نەمانویستوە پرۆژە بکەین هەر لەبەر ئەوەی بوترێت پرۆژە دەکەین! بەڵکو مەبەستی ئێمە ئەوەبوە ئەو بوارانەی کە پێویستیان بە پەرەپێدان و کارتێداکردن هەیە، گرنگیی پێبدەین، تەنانەت لەم روەوە چوینەتە نێو هەندێک پرۆژەوە کە راستەوخۆ پەیوەندیان بە پسپۆڕێتی خۆمان کە کاری رۆژنامەوانیە، نەبوە، بەڵام چونکە پێمانوابوە ئەو پرۆژەیە پێویست و گرنگە ئەنجام بدرێت، دەستمان داوەتێ و چوینەتە ژێر باری بەرپرسیارێتیەکەی.
نەوژین، وا سێ ساڵە بەردەوامە لە دەرچون، لەدەمێک دا رۆژنامەی کاغەزیی نەک لە کوردستان، بەڵکو لە هەمو جیهان دا روبەڕوی ئالەنگاریی و قەیرانی زۆر بوەتەوە، وردەوردە فەزای گریمانیی خەریکە بەرە لەژێر پێی ئەم تایپە لە میدیا رادەکێشێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا رۆژنامە بەردەوامە و کۆتایی پێنەهاتوە.
ئێمە ئەم واقیع و راستیانەمان لەپێش چاوە، چاک لە ئالەنگارییەکانیش تێگەیشتوین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێدراو و هەڵسەنگاندنەکان کە لەرێگەی کۆبونەوە و گفتوگۆ و راپرسیی وردەوە ئەنجامەمان داوە و دەدەین، هاندەرمانن بۆ ئەوەی لەم پرۆژەیەدا بەردەوام بین.
لەگەڵ ئەوەشدا نایشارینەوە وەکو هەمو پرۆژەیەکی تری میدیایی، رۆژنامەی (نەوژین)یش پێویستی بە ئەپدەیت و نوێبونەوە هەیە، بۆ ئەمەش لەگەڵ ستافەکەی دا پلان و بەرنامەی تایبەت دەگرینەبەر، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی دروست تازەگەریی لە رۆژنامەکە دا بکەین، بۆ ئەوەی کاریگەریی زۆرتر و باشتری لێبکەوێتەوە.
لە کۆتایی دا دەستخۆشیی و سوپاسی زۆرمان ئاراستەی ئەو رۆژنامەنوسانە دەکەین کە لەم ٣ ساڵەدا بەردەوام بون لەم پرۆژەیەدا، سوپاسیش بۆ هەمو ئەو رۆژنامەنوس و چالاکوان و ئازادیخوازانەی کە لەم ماوەیەدا پاڵپشتی پرۆژەکە بون و بەتەنگیەوە هاتون.
بەهیواین (نەوژین) رۆڵێکی هەبوبێت لە بڕەودان بە چەسپاندنی مافەکانی ژنان و بەگژاچونەوەی توندوتیژی و پێشێلکاریەکانی سەر ئەو رەگەزە و هەروەها بەرقەرارکردنی یەکسانی رەگەزیی.

ئازاد عوسمان
بەڕێوبەری رادیۆی دەنگ

# نەوژین، تێبینی و ڕەخنە و پێشنیاز



■ لەیلا ئەحمەد*

**ڕۆژنامەی (نەوژین) وەک هەر ڕۆژنامەیەکی تر ڕۆڵی هەبوە لەهۆشیارکردنەوەو ڕێنماییکردنی تاکی کۆمەڵگا و دروستکردنی ڕایگشتی و گۆڕانکاری، وەک ئاوێنە بار و ڕەوتی کۆمەڵگا تێیدا ڕەنگی داوەتەوە و بەردەوام بوە لەگواستنەوەی ڕای خەڵک و پەردەلادان لەسەر کەموکورتیەکان.**

ڕۆژنامەی (نەوژین) تاکە ڕۆژنامەی تایبەت بەپرسی ژنان و منداڵانە بەتایبەت لەناوچەی گەرمیان، کە لەماوەی سێ ساڵی تێپەڕاندنی لە بڵاوکردنەوەی دا، زۆربەی ئەو دیاردە توند و کەلتور و نەریتە کۆنانەی کە لە مێژینە ئازار و زیانیان بەئافرەتان و منداڵان گەیاندوەو بەرۆکیانی گرتوە، هەروەها هۆشیاری و سەرکەوتنە جیاواز و بەرچاوەکانی ئافرەتان لەچاو ساڵانی تر خراونەتە بەرباس و بڵاوکراونەتەوە و زۆربەی شوێنەکانی وەکو قەزای (کفری، کەلار و دەربەندیخان)یش بەناحیە و گوندەکانیشیانەوە لەلایەن ڕۆژنامەنوسەکانی ئەم ڕۆژنامەیە گرنگییان پێدراوە و کێشەکانیان ڕوماڵ کراوە.

* بۆچونم لەسەر ڕۆژنامەی (نەوژین)

١. لەماوەی سێ ساڵی دەرچونی ڕۆژنامەکە، بەباشی چاپ دەکرێت و بەسەر کۆشک و کتێبخانە و ماڵ و شار و گوند و شوێنە فەرمیەکان دا دابەش دەکرێت و هەمو ژمارەکانی بەخوێنەری دەگەیەنرێت.

٢. ئەو بابەتانەی هەڵبژێردراون و ڕوبەڕوی خوێنەران کراونەتەوە، بابەتی گرنگ و پێویست بون بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک لەڕوی پەروەردەیی و گەیاندنی زانیارییەوە.

٣. زۆر خوێندکار یان دەرچوی زانکۆ و پەیمانگا کە دانەمەزراون و لەماڵن، لەڕێگەی ڕۆژنامەکەوە تێکەڵ بە بواری ڕۆژنامەوانی و ڕاگەیاندن بون.

٤. ڕۆژنامەکە ڕوبەرێکی گرنگ و نوێی هێناوەتە ئاراوە لەدروستکردنی پردی پەیوەندی لەنێوان تاک و خێزان و چین و توێژەکان، بێ جیاوازی ڕەگەز و نەتەوە و ئینتیما شەخسیەکان.

٥. پێموایە دەبێت ڕۆژنامەکە بە پوختی و تاڕادەیەک کورت و وشەی بەهێز و زانیاری نوێ و دروست و سەرنجڕاکیش بخرێتە بەردەستی خوێنەر و حەقی خۆیانیان پێبدرێت، هەتا ڕۆژنامەکە نەگاتە حاڵەتی خراپ و کاغەزەکانی بکرێتە سفرەی نان خواردن و کاسبکارانیش بیکەن بە لولەی گوڵەبەڕۆژە!

* تێبینی بۆ ڕۆژنامەکە

١. هاوڵاتی ناوچەکە توانیویانە هەمو کات و مانگێک ئاگایان لە ڕوداو و بابەتی ئافرەتان و منداڵان و تەندروستی و کاری دەستی و هونەری و پێشکەوتن و هەواڵ و وەرزش..هتدی شار و شاردەێ و گوندەکان بێت لە ڕێگەی ڕۆژنامەکەوە.

٢. ڕۆژنامەی (نەوژین) توانیویەتی پەیوەندی ناسین و ئاشنابون لەنێوان تاکەکان دروست بکات و سەرکەوتنەکان بخاتەڕو و هۆشیاری زیاتر لەسەر یەکسانی و نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی بەرز بکاتەوە.

٣. ڕۆژنامەی (نەوژین) وەک تاکە ڕۆژنامەیەک تایبەت بەپرسی ژنان و منداڵان لەناوچەکە، زەمینەیەکی لەبار و هەستێکی تایبەتی لای خوێنەرەکانی دروستکردوە و سەرنجڕاکیش بوە و بوە بە سەرچاوەیەکی زانیاری هەمە جۆرەی باش و لە سوچی دۆڵاب و کتێبخانە و سەرمێزەکان شوێنی خۆی گرتوە.

٤. ئەو بابەت و زانیاریانە لەسەر کاغەزی ڕۆژنامەکە بڵاو دەبێتەوە توانراوە بەهۆی ئەنتەرنێتەوە بەخوێنەری خۆی بگەیەنرێت، بۆ ئەوەی ئەوانەی کە ناتوانرێت نوسخە کاغەزیەکەیان پێ بگەیەنرێت، لەم ڕێگەیەوە دەستیان بە ڕۆژنامەکە بگات و سودی لێوەرگرن.

٥. لە ڕۆژنامەی (نەوژین) بەخاوی و نەرمی بابەتەکان نوسراون و گونجاندن و کاڵبونەوەی نەریتە خراپ و کۆنەکان لەبەرچاو گیراوە.

* ڕەخنە لەڕۆژنامەکە

١. لە ڕۆژنامەدا کەسانی پسپۆڕ کاردەکەن و دەنوسن زۆر یان کەم , بەڵام لە (نەوژین) دا ئەو کەسانە جگە لەکەمینەیەک، پسپۆڕی کار و شارەزای کاری ڕۆژنامەنوسی کارا نین.

٢. لەڕۆژنامەکەدا هەندێک بابەت هەیە چەندینجار دوبارە بوەتەوە و بڵاوکراوەتەوە، ئەمەش وایکردوە خوێنەر بڕەوێنێتەوە و دورکەوێتەوە، بۆ نمونە: بابەتی بەشودانی منداڵ....هتد.

٣. پێمباشە لەڕۆژنامەی نەوژین کەتایبەتە بەپرسی ژنان و منداڵان، کار و بەدواداچونی باشتر بکرێت لەزانیاری و هۆشیاری پەروەردەیی تایبەت بە ژن لە سەرکەوتن و دواکەوتن و هەڵسەنگاندنی ڕابردو و ئێستا , چونکە «دەسەڵاتی چوارەم» دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە گەیاندنی ژن بەپێگەی خۆی.

* پێشنیاز بۆ ڕۆژنامەکە

١. دەبێت ناوەڕۆکی بابەتە هەمە جۆرەکان، پەیوەندیان بەچین و توێژەکانی کۆمەڵانی خەڵکەوە هەبێت.

٢. ڕۆژنامە دەبێت ڕەخنە هەزم بکات و بەردەوام بێت لەسەر شێوازی نوسینی نەرم «وەک کە (نەوژین) هەمیشە کردویەتی».

٣. لەبەر ئەوەی وێنە «فۆتۆ» وەک ئامرازێکی کاریگەر لەکاری ڕاگەیاندن دا ڕۆڵ دەگێڕێت، وێنەکان وەک دەرخستنی چالاکی لەزۆربەی بواری ژیاندا دەبنە پاڵپشتی ڕاستی ڕوداو و بەسەرهاتە جۆراوجۆرەکان، گێڕانەوەی مێژو بە وێنە، گومان لای نەوەکانی دواڕۆژمان دروستناکات، چونکە وێنەکان ئاوێنەی ئەو واقعیەن کە ڕویانداوە. لەم ڕوەوە ئەم پێشنیازانە بۆ برەودان بەلایەنی وێنە لە ڕۆژنامەکەدا دەکەم:

ا. وێنە فۆتۆگرافیەکان گوزارشت لە مانشێت و ناونیشانی بابەتەکان و ناونیشانە لاوەکیەکان دەکەن و پەیوەندی لەنێوانیاندا هەیە، لە (نەوژین) دا لە ٣٠٪ وێنە وەرگیراوەکان بەڕادەیەکی مامناوەند گوزارشت لەمانشێت و ناونیشانی بابەت و ناونیشانە لاوەکیەکان دەکەن. لەم سەردەمی ئەنتەرنێتەدا گەر وێنە و وشەکان واقعی خودی زۆرێک لەدیاردە و ڕوداوەکان بن، سەرنجڕاکیش و گرنگتر دەبن لەلای خوێنەر، وێنە کرۆکی وشەکانن، کاتێک وشە و وێنە تێکەڵاو دەکەین، پەیوەندی بەهێز و ڕاستەخۆ لەنێوانیان دروست دەبێت، پێویستە گرنگی بەوێنەی ڕۆژنامەکە بدرێت و پەرەی زیاتری پێبدرێت.

ب. بەپێی تازەترین توێژینەوەی زانستی، دەبێت وێنەکان لە ٥٠٪ ڕوبەری ڕۆژنامەکە داگیر بکەن، لەو ٥٠٪یە دەبێت ٤٠٪ بۆ وێنە فۆتۆگرافیەکان تەرخان بکرێت، چونکە زیندویی و ڕاستگۆیی دەبەخشێتە نوسراوەکان، ئەگەر لەم ڕوبەرەی سەرەوە کەمتر بێت، سەرنجی خوێنەر ڕاناکێشێت بەلای خۆی دا.

٣. پێویستە وێنەگرێک هەبێت و سەرنوسەر ئەو وێنەگرەی هەڵیدەبژێرێت بۆ وێنە گرتنی بابەت و ڕوداوەکان، لە ئەرکی وێنەگرتنی ڕۆژنامەوانی دا شارەزابێت و ئەوەی پێویستە بەئەنجامی بگەیەنێت بۆ ڕۆژنامەکە.

* ئەندامی تیمی ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی لە گەرمیان

> **لەڕۆژنامەکەدا هەندێک بابەت هەیە چەندینجار دوبارە بوەتەوە**

> **ڕۆژنامە دەبێت ڕەخنە هەزم بکات**



# نەوژین، ژیانێکی نوێ



■ نازەنین گۆران*

**ئەگەر ناوی ڕۆژنامەکەی ئێمەش نەبێت، ناوی گوڵێک، کچێک، هەر شتێکی تر بێت، لەگەڵ بیستنی ئەو ناوە هەمو ستافی (نەوژین) و ئەو یادەوەرییە جوانەم بیر دەهێنێتەوە کە لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەیە دەستم پێکرد و بەردەوام بوم تاگەشتمە ئاستێکی باشی سەرکەوتن و هێشتا بەردەوامم.**

من کە لەگەڵ (نەوژین) دەستم پێکرد، بەگریانەوە دەستم پێکرد، چونکە نوسینی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی بۆ من و هەرکچێکی تر، کە دەستپێکی کاری ڕۆژنامەوانی بو لە (نەوژین)، قورس بو، من لەگەڵ (نەوژین) بەگریان و هێزێکی زۆرەوە دەستم پێکرد و ئێستا بە پێکەنین و دڵخۆشیەکی زۆرەوە باسی یادەوەرییەکانی دەکەم.

دەمەوێت ئەمرۆ بە (نەوژین) بڵێم: تۆ دروستکەری من بوی، من پەروەردەی تۆم، ڕۆژێک دێت تۆ و سەرجەم ئەو کەسانەی لە پشتی تۆ و ئێمە بون، شاهیدی سەرکەوتنەکانم ئەبن.

من هەرچەندە سوپاسگوزاری تۆبم، هەرهیچ نییە و قەرزاری تۆم، هیوادارم نەوژینەکەمان بەردەوام بێت و چەندەها کچی تری بوێر پەروەردە بکات و بیانبەیتە ئەو شوێن و سەرکەوتنەی کە ئەیانویست. خوازیارم هەمو کۆتوبەندێکیان پێ بشکێنیت و دەنگیان بە هەمو کوردستان بگەیەنیت و بۆ خەڵک و هەمو جیهانی ڕون بکەیتەوە، ژنی ئێمەش بوێرە و سەرکەوتوە و هەر بوێر و سەرکەوتوش دەبێت.

سوپاس بۆ هەمو ستافی (نەوژین) و ئیدارەکەی، کە هەمیشە هاوکارمان بون.

سوپاس بۆ ئەوستافە جوانەی کە لەڕێگەی (نەوژین)ەوە ناسیم، سوپاس بۆ ئەو هاوڕێیانەی کە هەمیشە ئازیز و تایبەتن بۆم.

سوپاس بۆ ئەوەی تۆ ئێمەت کرد بە کچێکی ڕۆژنامەوان، تۆ ئێمەت کرد بە کەسایەتیەکی سەرکەوتو، هەمیشە دەڵێم ئەگەر ڕۆژێک لە جێگایەکی زۆر بەرز و باڵای ڕۆژنامەوانیش بم، هەمیشە باسی تۆ و پەروەردەکردنی تۆ دەکەم، چونکە هەمو سەرکەوتنێکم لە ڕێگەی تۆ دەستی پێکرد، تۆ دەستپێکی من بوی و بەڵێنت پێدەدەم کۆتاییەکی جوانم دەبێت.

سوپاس بۆ تۆ و خۆشحاڵم بە بونت.

* پێشکەشکار لە کەناڵی (BMC).

نەوژین

# ١٢ ژمارەی سێیەم ساڵی نەوژین


گۆڕەپانەکە چۆڵ ناکەین


سامان گەرمیانی:
کەمتەرخەم بوین لەهێنانە پێشەوەی ژنان دا


(5%)ی کچانی گەرمیان خەتەنە کراون


گەرمیان، ساڵێک بەبێ ژن کوشتن


بەشداربوانی راپرسیەک بونی نەوژین بەگرنگ دەزانن


هەنگاوێک بۆ پێشەوە و هەنگاوێک بۆ دواوە


دەسەڵات لە گەرمیان سمێڵدارە


لەگەرمیان «تەرحیل» کرام




«زۆرینەی توشبوەکانی نەخۆشیە دەرونیەکان لەگەرمیان ژنن»



